تایبەت بە هونەر

# نووسەرێک بە چەقۆی نەشتەرگەرییەوە

چاوخشاندێنیک بە

## کۆمیدی تاڵی

## چێخۆف

لە زمان:


## دکتۆر قوتبەدین سادقی

(نوسەر و دەرهێنەر و وانەبێژ و توێژەری شانۆ)

وەرگێران بۆ کوردی:

ڕەحمان عەزیزی

***تێبینی:*** **یەکێک لە پێداویستیەکان لایەنی فەرهەنگی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی کۆمیدییە، کە پێویستە لەلایەن پارێزەران و داڕێژەرانی سیاسەت و خەڵکی رۆشنبیری و هونەرەوە ئەنجام بدرێت و بێ گومان یەکێک لە کاریگەرترینەکانی ئەو بەرهەمانە نووسینی شانۆنامە و نمایشکردنی شانۆگەرییە کۆمیدییەکانە. چۆن دەقێک سوود لە توخمەکەی نوکتە وەردەگرێت و چۆن شانۆگەرییەکی کۆمیدیی بەرهەم دەهێنرێت و نمایش دەکرێت، پێویستی بە پشتیوانی و داهێنان و ئەزموونی نووسەران و دەرهێنەران و بریکارەکانی دیکەی نمایشکاری گروپێکی شانۆیی هەیە. بەدواداچوون بۆ بەرهەمە تەنز و کۆمیکییەکان بە شێوازی نمایشی جیاواز و بەرهەمی هەریەک لە نووسەرە بە ئەزموونەکان دەتوانێت جێگەی سەرنجی هەموو ئەکتەر و کەسانی شانۆ بێت. دکتۆر قوتبەدین سادقی لە کۆمەڵێك شانۆکاردا باسی کۆمیدی و نوکتەیی لە بەرهەمەکانی چێخۆف کرد. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێنیتەوە دەقی ئەم وتارەیە.**

**ژانری شانۆی "کۆمیدی دێلارتە" دەرکەوتنی کولتوری ئیتاڵییە وە فۆرمەکانی سەرەتاییتری لە ئیتالیادا بوونیان هەبوو جگە لە سەردەمی مەسیحییەکان، بەڵام ئەم فۆرمەی لەناکاو لە سەردەمی رێنێسانسدا گەشەی کرد.**

**لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، یاریزانە کۆمیدییەکان بە شێوەی کۆچەری ژیان وچالاکی شانۆییان دەکرد و کاتێک مەسیحیەت دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، پەرش و بڵاو بوون و بەو پێیەی یەکێک لە تەوەرە سەرەتاییەکانی ئەم جۆرە نمایشانە گاڵتەکردن بوو بە مەسیحییەکان،، لەم قۆناغەدا پێشوازییان لێ نەکرا،چونکە کارەکانیان بە نایاسایی وبێ ئەخلاقی دەزانی.**

**نمایشەکانی ئەم نمایشە کورتانە،، سادە بوو و لەسەر بنەمای جۆرە جێگیرەکان بوون؛**

**وەک ژنێکی تووڕە،پیاوی چەڵێس و زۆرخۆر، چاوچنۆک و قەرنیس و ... لە سەردەمی رێنێسانسدا، گۆڕانکارییەکی سەرسوڕهێنەر ڕوویدا، و ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین کولتوری خەڵک گەشەیان کرد،**

**وە بەو پێیەی ئەوان حەزیان لە کەنیسەکە نەبوو، ڕوویان لە پرسەکانی تر کرد، و ئەو شانۆگەرییانەیان بە شێوەی "فورس"دا دروست کردووە.کە ئەمڕۆ دەیانناسین..**

ئێستا دەبێت بزانین ئەم جۆرە شانۆیە چییە؟ و تایبەتمەندییە جێگیرەکانی چین؟شانۆی "کۆمیدی دێلارتە" جۆری کەسایەتی جێگیری هەیە، هەر جۆری کەسایەتی دەمامکێک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەکتەرەکان خۆیان شارەزان لەم جۆرە ڕۆڵانەدا و لە هەموو ئەم جۆرە نمایشانەدا، ئەم جۆرە کەسایەتی و دەمامکانە هەن، بەڵام چیرۆکی هەر نمایشێک جیاوازن.

بەڵام بەو پێیەی ئەم جۆرە نمایشە سەر بە کلتوری جەماوەری خەڵکە، ئەوان شانۆگەرییەکیان نییە، بەڵکو سیناریۆیەکیان هەیە (پوختەیەک یان بەشێک یان ئەبستراکتی لە هەر نمایشێک) و ئەم سیناریۆیانە لەلایەن هەندێک کەسەوە نووسراون. وە بێگومان هەر ئەندامێکی گروپەکە بە پشت بەستن بە شارەزایی خۆی ڕستەی پێشوەخت ئامادەکراوی وەک ڕستەی گاڵتەجاڕ و شیعر و پارچە تەنز و وەڵامی ئامادەی کە تایبەتە بەم جۆرە نمایشەهەبووە.

ئەم دەستنووسانە بە نامیلکەی بچووک چاپ دەکران ودەکوتە لەبەردەستی خەڵک.بە جۆرێک دەتوانیت بڵێیت ئەم جۆرە نمایشانە وێناکردنی بەختەوەری وخۆشی مرۆڤەکان لە سەردەمی ڕێنێسانسدا بوون.

بەڵام چیرۆکی ئەم جۆرە نمایشانە بەگشتی ڕۆمانسین و جۆرەکانی وەک ژنێکی عاشق، پیاوێکی عاشق، یاری تێدا دەکرد و بەگشتی یا بەزۆرینە باسی ئاستەنگ لە ڕێگای هاوسەرگیریەکەیاندا بوو.

بەگشتی کۆتایی شانۆی "کۆمیدی دێلارتە" بە باشی و بە خۆشی کۆتایی دەهات.

چونکە کۆمیدیا دەرکەوتنی خۆشییە بەرامبەر بە ژیان کە تێیدا بەردەوامی ژیان و هاوسەرگیری و لەدایکبوون هەیە، لە کۆتایی چیرۆکی نمایشەکەدا بەگشتی عاشق و خۆشەویست دەگەیشتنە یەکتر.

یەکێک لەو جۆرکەسایەتەی کە ڕێگری لە گەیشتن بەم دوو کەسەی کرد ناوی "دۆ تۆرە"ە، کە بەشێک لە خەڵکی کۆمەڵگا وخوێندەواری یاسایە، هەروەها نوێنەری ئەو کەسانەیە کە خۆبەزلزان و خۆپەرستن و وشەی لاتینی بەکاردەهێنن.

هەرچەندە لە باقی کەسایتیەکانی چیرۆکەکە گەورەترە، بەڵام بە پەنابردن بۆ پێگەی خۆی تێدەکوشێت بە خۆشەویستەکەی بگات.

جۆرێکی تر کەسایتی پێی دەوترێت "پانتالۆن" (پانتۆڵ).گیرفانێکی گەورەی لەسەر پانتۆڵەکەی دەبینن و بە لهجەیەکی ڤێنیزایی قسە دەکات و نوێنەرایەتی تازەپێگەیشتوو و بۆرژوازی دەکات، چونکە لەو کاتەدا دەوڵەمەندەکان لە بەندەری دەوڵەمەند و مێژوویی ڤێنیز دەژیان.

"پانتالۆن" ڕێک هاوتای کارەکتەری سامییە لە دراما ئێرانییەکاندایە.

پانتالۆن باوکی کچە (عاشق) و دوتور باوکی زاوا (عاشق)ە. بێگومان لەم جۆرە نمایشانەدا جۆری کەسایتی تریش وەک کەنیز یان خزمەتکار بە ناوی «ئارلوچینۆ»هەیە.

بەناوبانگترین جۆریکەسایتەی ئەم جۆرە نمایشە و بەگەشتی دیزاینەری کێشەی چیرۆکەکە و یارمەتیدەری گەنجانی خۆشەویستە و هاوتای کارەکتەری ڕەشی نمایشی تەخت حوزەی ئێرانییە.

«ئارلوچینۆ» لەهجەی زاراوەی بێرگامۆی هەیە، بێرگامۆش شوێنێکی هەژارە و کانەکانی خەڵوزی تێدایە کە دانیشتووانەکەی کۆچبەری شارەکانی وەک ڤێنیز بوون. ئەم کابرایە چونکە کرێکاری کانگای خەڵوز بوو دەموچاوێکی ڕەشی هەبوو. هەرچەندە جۆرە کەسایەتەی ڕەشەی شەیتانی و کۆمیک لە نمایشە ئایینی و نائایینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەبینرێت، بەڵام ڕەشبوونی ڕووخساری ئارلوچینۆ بەهۆی بارودۆخی تایبەتی جوگرافییەکەیەوە بووە.

"ئەل کاپتیانۆ"جۆرێکی تری کەسایتی ئەم جۆرە نمایشە لە کە بە کەسێکی زۆرقسەکەر و درۆزن ناسراوە.

ئەم جۆرە کە بە پاڵەوان پەتاتە و پاڵەوان لوکەش ناسراوە، دوای هاتنە سەرکاری ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە دروست بووە و ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئیسپانییەکان پاڵەوانی پەتاتەن و بەم شێوەیە، ئیتاڵیەکان تۆڵەیان لێ ستانەوە.

بەکورتی دەکرێ بڵێین نمایشی "کۆمیدی دێلارتە" نمایشێکە پاڵپشتی چینە لاوازەکانی کۆمەڵگا دەکات وە بەرگری لە کەنیزوقەرەواش و خزمەتکار و گەنجانی عاشق لە خۆشەویستیدادەکات، و هەموو هێزی خۆی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی بەکاردەهێنێت.

هەروەها تۆڵە لە هێزە کۆمەلایەتییە باڵادەستەکانی وەك دوو جۆری «ئێل کاپتیانۆ» و «دوتورە» دەکاتەوە و بەم شێوەیە دەبێتە هۆی تورەیی جەماوەری خەڵك و چینی لاوازی کۆمەڵگا.

"کۆمیدی دێلارتە" نمایشێکی زۆر خۆش و زیندووە وە سەما و مۆسیقای لەگەڵدایە.

بە واتایەکی تر، هەموو خۆشییە لەبیرکراوەکانی هەزار ساڵ حوکمڕانی کڵێسا بەم جۆرە نمایشە بۆ خەڵک هێنرانەوە و بەخێرایی لە هەموو پارچەکانی ئەورووپادا بەتایبەتی فەرەنسا بڵاوبووەوە، .

ئەم نمایشە زیاتر لەسەر بنەمای جوڵەی زیادەڕەوی دروستکراوە و بێگومان زۆر پۆلێش کراوە و بووەتە هێما.ناوەڕۆکەکەی کۆمەلایەتییە، بەڵام چیرۆکەکانی لە بنەڕەتدا ڕۆمانسین.

بەڵام کۆمیدیەکان وتەنز ونوکتەنووسان، کۆمیدیا بە سێ دەستە،دابەش دەکەن:

١- کۆمیدی کوتک ولیدان (بووفbuff) .

کە پەیوەندی بە پەیوەندییەکی دیاریکراوەوە هەیە و زۆر بیرکردنەوە وروورژێنەر نییە.

٢- کۆمیدیای «گاڵتەجاڕ» یا «تەنز» کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەبێ ئەو لێی تێناگات و جێبەجێ ناکرێت و تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە کە پەیوەندی بە پرسە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە.

کاری تەنز بۆ ئازاردان و نیشاندانی ڕاستی و درۆیە.

نوکتە ئاماژە بەو کێشانە دەکات کە لە کۆمەڵگادا هەن.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بیرکردنەوە لە جەوهەرەکەیدا دەبینرێت.

نوکتە هێزی تێرامان و بیرکردنەوە لە مرۆڤدا دەوروژێنێت و چێژی فیکری دروست دەکات و دواجار مرۆڤ دەهێنێتە زانین.

٣- گرۆتێسک  لە دووەکەی تر جیاوازە، بارگاوییەکی فەلسەفیی هەیە و ئەگەر ببێتە هۆی پێکەنین، هەروەها دەبێتە هۆی تیرۆر و دەبێتە هۆی جۆرێک لە پێکەنینی سەرکوتکراو.

گرۆتێسک دڵەڕاوکێی فەلسەفی لە مرۆڤدا دروست دەکات، کە خۆی دەبێتە سەرچاوەی بیری فەلسەفی.

بەم پێشەکییە دەبینین کە بەرهەمەکانی «چێخۆف» نە سەر بە پۆلی یەکەمن، نە سەر بە پۆلی سێیەمن، بەڵکو بەرهەمەکانی تێکەڵ بە تەنز و نوکتەن.

لە بنەڕەتدا ئەو نوکتەچییە.

بە بڕوای هەندێک لە شرۆڤەکاران، چێخۆف مامۆستای بیرکردنەوە و ئەخلاقە، ئینجیلیستێکی شۆڕشی سۆسیالیستییە.

ئەم کەسانە پێیان وایە بەرهەمەکانی چێخۆف هی ئەو ئایندەیە کە تێیدا ستایشی کار دەکرێت.

ئەم کەسانە لە بەرهەمەکانیدا هەنگاوەکانی شۆڕشیان شیکردۆتەوە.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەگرانی دیکە دەڵێن چێخۆف پەیامبەری نائومێدی و گومانە و ئەوەی وەک ساموێل بێکێت و یوجین یونسکۆ کردیان دەیکات.

هەروەها گرووپی سێیەمیش هەیە کە چێخۆف بە خێرخواز و خاوەن بیری مرۆڤدۆستانە دەزانن، وەک تۆلستۆی.

بە بڕوای من بیرکردنەوەی چێخۆف هاوتای هیچ کام لەم سێ سیستەمە بیرکردنەوە نییە،بەڵکوتەنها یەک ئاگادار کردنەوەی بێبەزەییانیە.

ئێمە دەزانین کە چێخۆڤ پزیشک بووە و بە گوتەی دەرهێنەری ڕۆمانی «لوسیەن ئۆپتیلیە»"چێخۆڤ بە چەقۆی نەشتەرگەری دەنووسێت"، واتە چێخۆڤ عاشقی نەخۆشەکەی نییە، بەڵکو عاشقی نەخۆشییەکەیە.

هەرگیز جۆرێکی ئەرێنی وکەسایتی پۆزیتیف لە بەرهەمەکانی چێخۆف دا نییە و تاکە نووسەرەکە،کە بەرهەمەکانی پاڵەوانی تێدا نییە. کەس بە مۆدێل و نموونەیەکی تەواو نازانێت، بۆیە لە بەرهەمەکانیدا کەسایەتی گەورە بەکارناهێنێت و پێچەوانەی خووەکە دەجووڵێت.

ئەولێکدانەوەی کەسایەتییەکی بچووک دەکات کە خاوەنی بیرکردنەوە و بارودۆخی بەرز و نائاساییە.

بۆ نموونە بە پێچەوانەی چێخۆف ەوە دەتوانین شکسپیر وەک نموونە بەکاربهێنین، هەموو کارەکتەرەکانی مەزن و شایستەن و پێگەی مێژوویيان هەیە، بەڵام هیچ کام لە کارەکتەرەکانی ناو بەرهەمەکانی چێخۆف دراماتیک نین.

تاکە کەسە کە کولتێکی شەخسی نییە، واتە کەس ناپەرستێت وە بە تەواوەتی نازانێت.

بەڵکو بێ بەزەییانە بە چەقۆی نەشتەرگەرییەکەی برینەکانی کارەکتەرەکانی دەبڕێت بۆ ئەوەی نەخۆشیەکەیان بدۆزێتەوە.

حەزی لە هیچ یە کە لە کەسایەتی بەرهەمە کانی نییە، بەڵام گرنگی بە نەخۆشییەکانیان دەدات.

بۆ نموونە هیچ کام لە کارەکتەرەکانی ناو باخی گێلاس پاڵەوان نین، بەڵکو هەموویان بە یەکسانی دەبینرێن. لە ڕاستیدا گرنگترین کاری ئەو ئەوەیە کە تەرکیز لەسەر کارەکتەرێکی ناوەندی نەکات؛ نموونەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی ئەم پەندە لاتینییە جوانە: "نابێت یەک دار هەموو دارستانەکە داپۆشێت".

چێخۆف چیرۆکێکی هەیە بە ناوی «ئەستپ».«ئەستپ» لە ڕووی جوگرافییەوە، چەمی زەوییەکە کە ڕووەکەکانی بە یەکسانی دەبینرێن و پێموایە شێوازی بیرکردنەوەی چێخۆف لە ژێر کاریگەری سروشتی ڕووسیادا بووە، کە کاریگەرییەکەی لەم چیرۆکەشدا دیارە، وەک چۆن هەموو کارەکتەرەکان و تەنانەت شت و شوێنەکانیش بە یەکسانی دەبینرێن. وەک فیلمە کۆمیدیەکان، کە بە شێوەی«لۆنگ شۆت» دوور وێنە دەگیرێن، بەڵام لە فیلمە تراژیدیەکاندا، بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ڕۆحی کارەکتەرەکان«کلۆوزئاپ»دیمەنی نزیک زیاتر بەکاردێنن . هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لە کۆمیدیادا بینەر لەگەڵ پاڵەواندا یەک ناگرێتەوە و ئەگەر ببێتە یەک، ناتوانێت خۆی لەگەڵیدا بناسێنێت و لە ئەنجامدا ناتوانێت پێی پێبکەنێت، بەڵام لە تراژیدیادا، خۆی لەگەڵیدا دەناسێنێت، چونکە ئەمە ئامانجی خۆیەتی .

چێخۆف لە بەرهەمەکانیدا هەرگیز لە هیچ پاڵەوانێك نزیك نابێتەوە و هاو دڵی وهاوسۆزیشی لەگەڵ ناکات و هەروەها و شتەکان و ژینگەش تا رادەیەکی زۆر ئەم یەکگرتنە لەخۆ دەگرێت.

یەکەم تەکنیک کە بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی کەسایەتییەکان، کەمتر بایخ و گرنگیان هەبێت، دابەشکردن ودابڕان و لاوازکردنی چوارچێوەیە.

ئەو بەستەرەی پەیوەندییەکانی هۆکار و کاریگەری شی دەکاتەوە و لەناویان دەبات و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕیتمی بەرهەمەکانی خاو دەردەکەوێت.

هیچ کام لە کەساییتەی ناو بەرهەمەکانی گوێ لە قسەی کەسانی دیکە ناگرن و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ناکەن و بە ئاگایانە مامەڵە ناکەن. وە قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن. کەسایەتییەکانی سەرلێشێواو و بێ ئامانجن.

بێرگسۆن لە وتارێکدا دەنووسێت: "بۆچی بە کەسێکی گێژوسەرلێشێواو پێدەکەنین، چونکە لەژێر کاریگەریی بێهۆشی و ناخۆئاگاداری خۆیدایە".

ئەم بێهۆشییە و ناخۆئاگاداریە گەورەترین هۆکاری تەنزو نوکتە لە بەرهەمەکانی چێخۆف دایە. لە بەرهەمەکانیدا خەڵک ئاگادار دەکاتەوە کە لە خەو هەڵسن. بەڵام هەموو کەساییتەکانی لەبری ئەوەی بەئاگا بێنەوە، پەنا بۆ دوو شت دەبەن: کوێربوون و وەهم.

ئاسانترین ڕێگە کە هەڵیانبژاردووە، نکۆڵیکردنە لە واقیع و بەم شێوەیە خۆیان نیشان دەدەن.وەهمێکیان هەیە کە جێگەی ژیانی گرتۆتەوە.بۆ نموونە لە شانۆگەریی باخی گێلاسدا ڕۆیشتن و ژەنینی بیلیارد و گوێگرتن لە مۆسیقا جێگەی ژیانیان گرتووەتەوە و بینەر لە هیچ شوێنێکی بەرهەمەکانیدا ژیان نابینێت.کارەکتەرەکانی ناو بەرهەمەکانی بوێری ئەوەیان نییە ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە و هەموویان ساختەن و چێخۆفیش هەڵوێستێکی دڕندانە بەرامبەریان دەگرێتەبەر.

چێخۆف لە بەرهەمەکانیدا سێ جۆر مرۆڤی خوڵقاندووە: ١ .

١- ئەوانەی کە لە ڕابردوودا دەژین و هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن لە بەرامبەردا، وە نەبوونی بەرپرسیارێتی گرنگترین تایبەتمەندییانە.

٢- ئەو گروپەی کە لە سەردەمی ئێستادا دەژین.

٣- ئەو گروپەی لە داهاتوودا دەژین، کە ئایندەیەکی ناڕوونە.

# نووسەرێک بە چەقۆی نەشتەرگەرییەوە

سەیر لەوەدایە مرۆڤەکانی ئەم دەستەیە یان پەنا بۆ منداڵی دەبەن یان هیوای داهاتوویەکی داماو دەخوازن.

لە ئەنجامدا بینەر هەرگیز کەسانی داهێنەر بە بیرۆکەوە لە بەرهەمەکانیدا نابینێت. کەساییتەکانی تەنها ئاه و ناڵەدەکەن،وە پێویستیان بە سەرنجی کەسانی تره و ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو کێشاویتەوە پێناچێت هیچ فریشتەیەک قبوڵ بکات.

بە بڕوای من پوختەی بەرهەمەکانی چێخۆف لە یەک ڕستەدایە:

تەنیا هۆشداری دەدات و بە تاڵییەوە ئاوێنەیەک بەرەو کۆمەڵگا دەگرێت. ئەو پێیوایە زۆر شت لە ژیان فێربووە، بەڵام هێشتا خاڵی سەرەکیمان فێر نەبووین، ئەویش ئەوەیە کە هێشتا فێری ژیان نەبووین.